## د. نوری تاڵەبانی

# کورتەیەك لەبارەی تاوانەکانی رژێمی عێراق دژی گەلی کورد

**وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە**
**شاناز رەمزی**

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ٢٠١١

د. نوری تاڵەبانی
کورتەیەك لـەبارەی تاوانەکانی رژێمی عێراق دژی گەلی کورد
وەرگێڕانی: شاناز رەمزی
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری‌و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی گشتییەکان
(١٧١٨) ساڵی ٢٠١١
لەدەزگاری چاپ‌و پەخشی حەمدی چاپکراوە
دیزاین: هەرێم جەزا
تیراژ: (٤٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (٣٩٠)

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

## پێشەکی وەرگێڕی کوردی

جیاوازیەکی بنچینەیی هەیە لە نێوان خەساندنی تواناو زەوتکردنی مافو ئازادیەکانی مرۆڤ لەگەڵ کارکردن بۆ سڕینەوەی بونی مرۆڤ خۆی وەك بونەوەرێك لەسەر زەوی، ڕەنگە خاڵی وێکچوو لەنێوان ئەم دوو ئاڕاستەیەدا بریتی بێ لەمرۆڤ، چونکە بەهەردوو دیودا مرۆڤ زەرەرمەندی یەکەمە. جیاوازی سەرەکی لەمەدا بریتیە لەوەی کە مرۆڤ بەمانەوەی ئەگەر مافو ئازادیەکانی زەوت بکرێت، بەڵام تا دەمرێت تەقەلای بەدەست هێنانەوەی ئازادی دەکات، بەڵام کاتێ دەسەڵاتێك دێتو شوێنو بونو پێگەی مرۆڤ یەکسان بەخاك دەکات، ئەوە مانای تێکچوونی ژیان دەگەیەنێ.

سارتەر دەڵێت: مرۆڤ قورسایی گەردوونی لەسەر شانە بۆیە دەبێ سەربەست بژی، بەو مانایەی کەزەوت کردنی سەربەستی مرۆڤ دژایەتی کردنی گەردوونە، چونکە دواجار لوتکەی پێناسە فەلسەفیەکەی ژیان دەکەویتە ژێر پرسیارەوە، کە مرۆڤ





پلەی باڵا دەگرێ یان وردتر بڵێین قورسایی گەردوون وەك سارتەر دەڵێ بە باڵای مرۆڤ براوە.

بەڵام کاتێ هەڕەشەکان بۆ سەر مرۆڤ لە هەڕەشەکانی سەر ماف و ئازادیەکان تێ دەپەڕنو دەگەنە ئەو جێیەی شوێنەواری بونی مرۆڤ لەسەر ئەو جوگرافیایەی تێیدا لە دایکبووە، بسڕدرێتەوە. ئەوە هەموو شتیك ڕوو لەوەستان دەکات لەم گەردوونە. لەو سۆنگەیەوە کورد وەك میللەتێك نەك هەر کەوتۆتە ژێر چەپۆکی هەڕەشەکانی ئازادی، بەڵکو کارکراوە بونی مرۆڤی کورد یەکسان بەخاك بکرێو خاکەکەشی دوای مرۆڤەکانیش هەر بسوتێنرێ.

لەم چەند دێڕەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە نووسەر هەوڵی داوە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس، جگە لەجینۆساید، زەوتکردنی ئازادییەکانی تاکی کوردو بێبەشکردنی لەسەرەتاییترین مافەکانی کە (سروشت لەئەزەلدا پێیداوە)، بخاتەڕوو. بەڵام کە دەگاتە ئەو قۆناغەی دەسەڵاتی خۆسەپێنەری بەعس تەڕووشك وەك یەك بسوتێنێ. ئا لێرەدا قودسیەتی ژیان

لەگەردووندا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، کە رەگەزێکی مرۆڤ رەگەزێکی جیاواز لەخۆی بکاتە خاشاکو زێدی لێ بستێنێو تەنانەت کۆمەڵ کوژیشی بکات.

بۆ زانینو جیاوازی ئەم دوو حاڵەتەش، گرنگە لەئێستاو داهاتوودا لەیادەوەری نەوەکاندا کرۆکی ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەگەلی کورد کراوە لە تۆماری مێژووی ئێمەدا بهۆنرێتەوە.

کارێکی لەو چەشنە بەوردی لەم توێژینەوەیەدا هەست پێ دەکرێو زۆریش گرنگە کتێبخانەی نەتەوەیی ئێمە سەرچاوە بێ بۆ ئاشناکردنی نەوەکانی دوارۆژمان بەرابردووی بەرەنگاری میللەتەکەمان، چونکە وەك ئەم توێژینەوە ئاماژەی پێدەدات زۆرترین تاوانی مرۆڤایەتی دەرهەق بەکورد ئەنجام دراون، سەرەرای ئەوەش کورد نەك هەر بەرەنگارییان بۆتەوە، بەڵکو بەرگەشی گرتووە.

لەو سۆنگەیەوە دەرخستنی تاوانەکانی رابردوو دەرهەق بەخەڵكو گەلی ئێمە، بایەخی گەورەی دەبێ بۆ هەموو ئەو جومگانەی کە کەسایەتی نەتەوەیی ئێمە راگیرو ئاڕاستە





دەکات. کەسایەتیەك کە هەمیشە لەیادەوەریەکانی رابردوودا جۆشی سەرلەنوێ خۆبنیاتنانو پێهەڵابردنی ئەم کەسایەتیە بداتو لێنەگەرێ نەوەکانی دادێن، رابردووو داهاتوی گەلەکەمان لێك بترازێنن.

لەراستیدا سەوداکردن لەگەڵ رابردوویەك کە پڕ تراژیدیاترین مێژووبێو ئەم تراژیدیایەش ئەو پنتە مێژووییەبێ، کە کۆڵەکەی داهاتومانی لەبونیاتنانو دروستبوندا، داکوتابێ، نەك هەر نابێ نادیدە بیگرین، بەڵکو دەبێ وەك رەمزی رەسەنایەتی پشانی دەرەوەی خۆمانی بدەینو ئەو نەریتەش دابهێنین، کە دەسەڵاتی ناوەند هەمیشە لەحزوری قوربانیەکانی ئێمەدا لەهەر بۆنەو هاتنو سەردانێکدا سەردانەوێنێ.

ئەم نامیلکەیە کە دەوڵەمەندە بەخستنەڕووی تاوانەکانی بەعس دەرهەق بەگەلی کورد، جێی بەرین داگیر دەکات لەو کەرەستە مێژوویىو بەرەنگاریەی کە پێویستە نەوەکانی داهاتومان پێی ئاشنابن.

هەربۆیە ئەم نوسینەمان بەگرنگ زانی بەتایبەتیش کە نوسینەکە پێش روخانی بەعس نوسراوەو لەئێستادا رەنگە چەند جیلێك هەبن بەوردەکاری دەسەڵاتی داپلۆسێنەری بەعس ئاشنانەبن‌و ئازاری غەدرە گەورەکانی لەئێمە کراوە، بەوان نەگەیشتبێت، چونکە ئاشنابوون بەو ئازارە بۆ نەوەکانی داهاتوو بێ گومان بزاوتی هۆشیاری نەتەوەیی پتر تاو دەداتەوە.

دکتۆر نوری تاڵەبانی ئەو کەسایەتیە شارەزا یاساییە کەرکوکیەیە، کە لەرێگەی توێژینەوەو نوسینەکانیەوە ڕۆڵێکی دیاری هەبووەو هەیە لەبەدنیا ناساندنی مەسەلەکانی تەعریب‌و بەجینۆسایدناسانی تاوانەکانی بەعس بەرامبەر بەکورد. هەرچەندە ئەم توێژینەوەیە پێش رووخانی رژێمی بەعس نووسراوەو سەرانی رژێم دوای پرۆسەی ئازادی دادگایی کران‌و بەسزای رەوای گەل گەیشتن، بەڵام بەپێویستمان زانی بۆ زمانە شیرینەکەی کوردی وەریبگێڕین‌و رۆڵەکانمان ئاشنا بکەین بەم کارەساتە مرۆییانەی تووشی گەلەکەمان هاتووە، بەو هیوایەی سوودی لێ وەربگیرێت.

# کورتەیەك دەربارەی نووسەر

- ✓ دکتۆر نوری تاڵەبانی لە شاری کەرکوك لەساڵی ١٩٣٧ لەدایکبووە، هەر لەوێدا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی تەواوکردووە.
- ✓ بەکالۆریۆسی لە قانوون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە، پاشان لە فەرەنسا لە زانکۆی پاریس دکتۆرای دەوڵەتی لە قانوون لە ٢٦ ی حوزەیرانی ١٩٦٨ وەرگرتووە.
- ✓ لە ئەیلولی ١٩٦٨ بووەتە مامۆستا لە کۆلیجی قانوون و سیاسەت لە زانکۆی بەسرە، تا ئەیلولی ١٩٧٠، پاشتر گوێزراوەتەوە بۆ کۆلیجی قانوون لە زانکۆی بەغدا. لەو ماوە لە هەردوو کۆلێجی (قانوون)و (ئابووری و کارگێڕی) وانەی وتووەتەوە، هەروەها لە کۆلیجی قانوونی زانکۆی (المستنصریه) ئێواران دەرسی وتووەتەوە. لەو ماوەدا چەندین لێکۆڵینەوەی



کورتەیەکی لەبارەی تاوانەکانی
رژێمی عیراق دژی گەلی کورد

قانوونی بڵاوکردووەتەوە، وەك (حول مفهوم جريمه الابادە البشريه) لە ئەیلولی ١٩٧٠ و کتێبی (القانون التجاري) لە ساڵی ١٩٧٢، چاپی دووەمی هەمان کتێب لەساڵی ١٩٧٩ بڵاوکراوەتەوە. کتێبی (مبادئ القانون التجاري) لەلایەن زانکۆی موسل چاپکراوە.

- ✓ لە مانگی ئەیلولی ١٩٧٣ لەسەرداوای خۆی، گوێزراوەتەوە بۆ زانکۆی سلێمانی و (ئەنستیتوی کارگێڕی) دامەزراندووە، پاشان بە ئەرکێکی زانستی (تفرغ علمی) بۆ ماوەی ساڵێك چووە بۆ بەریتانیا، بەڵام بەهۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستاندا، تا ئەیلولی ١٩٧٥ نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستان.
- ✓ لەو ماوەی لە لەندەن بووە، بەهاوکاری مامۆستا تۆفیق وەهبی خەریکی ئامادەکردنی فەرهەنگێکی قانوونی بە چوار زمانی عەرەبیو کوردیو فەرەنسیو ئینگلیزی بووە، کە یەکەم فەرهەنگی قانوونی یە بە زمانی کوردی.

- ✓ لەساڵی ١٩٧٦ەوە کاری بۆ دامەزراندنی کۆلێجی (ئابووری و کارگێڕی) لە زانکۆی سلێمانی کردووە، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی لە ١٩٧٧ هەر کۆلێجی (کارگێڕی) کراوەتەوە، ماوەیەك سەرۆکی بەشی کارگێری بووە لەو کۆلێجە. هەرچەندە لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی یەوە کاندیدکراوە بکرێتە ڕاگری ئەو کۆلێجە، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا عەرەبێکی بەعسی بۆ ئەو پۆستە لە بەغداوە داناوە. پاشان گوێزراوەتەوە بۆ زانکۆی بەغدا، بۆ کۆلێجی قانوون، لەوێدا وانەی وتووەتەوە تا ئەیلولی ١٩٨١.
- ✓ لە مانگی دیسەمبەری ١٩٨٢ بەفەرمانی وەزارەتی خوێندنی باڵا وەك مامۆستا لە زانکۆی بەغدا خانەنشین کراوە، ڕێگای وانە وتنەوەی لە هیچ زانکۆیەك لە عێراق پێنەدراوە و قەدەغەی سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی عێراقی لەسەر دانراوە، ڕێگاشی پێنەدراوە بگەڕێتەوە بۆ





شارەکەی لەکەرکوك، بۆیە لە هەولێر نیشتەجێ بووە تا ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١.

- ✓ لە ماوەی مانەوەی لە هەولێر (١٩٨٣ – ١٩٩١)، خەریکی وەرگێڕانی کتێبی (نیکیتین) بووە لە فەرەنسییەوە بۆ عەرەبی، کە تایبەتە بە مێژووی کورد. ئەو کتێبە لەساڵی ٢٠٠١ لە لەندەن چاپکراوە، پاشتر چوار جاری تر لە کوردستان چاپکراوەتەوە. هەر لەو ماوەدا خەریکی تەواوکردنی ئەو فەرهەنگە قانوونییە بووە کە لە ساڵی ١٩٧٤ لە لەندەن، بە هاوکاری مامۆستا (تۆفیق وەهبی) دەستی بەئامادەکردنی کردووە. ئەو فەرهەنگە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە هەولێر چاپکراوە، چاپی دووەم لەسلێمانی لە٢٠٠٧. چاپی سێیەم ٢٠٠٩، چاپی چوارەم ٢٠١٠.
- ✓ لە ساڵی ١٩٧٤ کاتێ لە لەندەن بووە بە ئەرکێکی زانستی، لێکۆڵینەوێکی قانوونی سەبارەت بە فیدرالیزم بە زمانی عەرەبی ئامادەکردووە، وەك لە

(پێشەکی)یەکەیدا هاتووە، لەو بڕوایەدابووە ئۆتۆنۆمی مەسەلەی کورد لە باشوری کوردستان چارەسەر ناکات. ئەو لێکۆڵنەوەیە تا ئێستا چوار جار بە زمانی عەرەبی و کوردی بڵاوکراوەتەوە.

- ✓ لەپاش ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ بە بڕیاری پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بووەتە ئەندامی "دەستەی قانوونی باڵا" لە هەرێمی کوردستان، کە ئەرکی ئامادەکردنی پرۆژەی قانوونەکان بووە بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وپێشکەشکردنی ڕاوێژکاریی قانوونی بۆ یەکەمین حکومەت و پەرلەمانی کوردستان.
- ✓ لە ساڵی ١٩٩٢دا یەکەم پرۆژەی دەستووری بۆ هەرێمی کوردستان ئامادەکردووە، پرۆژەکە بە فەرمی لەلایەن "دەستەی قانوونی باڵاوە" پەسەندکراوەو خراوەتە بەردەستی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، بەڵام پەرلەمان بڕیاری لەسەر نەداوە. لەو دەمەوە بە بەردەوامی لەگەڵ قانووناسانی کوردستان هەمیشە





داوای پەلەکردنی لە پەسەندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان کردووە. پاشتریش بەشداری کردووە لە ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری نوێ، وەك ئەندامی لیژنەی دەستووری لە پەرلەمانی هەرێم. بەڵام کاتێ هەستی کردووە سەرۆکی ئەو لیژنەیە بیروڕای خۆی بەسەر لیژنەکەدا دەسەپێنێ و بەشێوەیێکی ناقانوونی کۆبوونەوەکانی ئەنجام دەدات، دەستی لەو لیژنەیە لە سەرەتای تەمووزی ٢٠٠٨ کێشاوەتەوە.

- ✓ لە کۆنفرانسێکدا کە زانکۆی (پرنستنی) ئەمریکی لە ئەیلولی ١٩٩٤دا ڕێکیخستبوو، بابەتێکی سەبارەت بەو پرۆژە دەستوورەی ئامادەی کردبوو پێشکەشکردووە. ئەو پرۆژەیە بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی چەند جارێك لە کوردستان و لە دەرەوەدا چاپکراوەتەوە.
- ✓ چەندەها کتێب و لێکۆڵینەوە بە زمانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی لەسەر سیاسەتی بە عەرەبکردنی

ناوچەی کەرکوك بڵاوکردووەتەوە. کتێبی "سیاسەتی بە عەرەبکردنی ناوچەی کەرکوك" بە عەرەبی بۆ یەکەمجار لە سوید لە ساڵی ١٩٩٥ چاپکراوە، پاشان کراوەتە کوردی و ئینگلیزی، هەر لە سوید چاپکراوە، لە کوردستان سێ جار بە زمانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی چاپکراونەتەوە.

- ✓ بە بەردەوامی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردستان و هەندەران بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی بابەتی جۆراوجۆری سەبارەت بە فیدرالیزم، دەستوور، سیاسەتی بە عەرەبکردنی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، وشەی قانوونی کوردی، لەگەڵ مەسەلەی کوردی لەڕووی قانوونی وسیاسییەوە بڵاوکردووەتەوە، کە پتر لە (٢٥٠) لێکۆڵینەوەو باسی قانوونی و سیاسی ومێژووی دەبن.
- ✓ لەو ماوەی لە بریتانیا بووە، سەرۆکی (ڕێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ) بووە، پاشتر سەرۆکی (ترەستی



کورتەیەک لەبارەی تاوانەکانی
رژێمی عیراق دژی گەلی کورد

کەرکوك بۆ لێکۆڵینەوە)، کە ڕێکخراوێکی بەریتانی ناحکومییە.

- ✓ لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٤ دا بووە بە سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان.
- ✓ ئەندامی سەربەخۆی پەرلەمانی کوردستان بووە لەخولی دووەمی (٢٠٠٥ – ٢٠٠٩). ئەندامی لیژنەی قانوونی و لیژنەی دەستووری بووە لەو خولەی پەرلەمان تا تەموزی ٢٠٠٨.
- ✓ لە ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧ لەلایەن ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی لە کوردستان هەڵبژێراوە بە ئەندامی کارا لەو ئەکادیمیایە.

## وتەیەکی پێویست

دوای دەرچوونی بڕیاری ژمارە (٦٨٨) نەتەوەیەکگرتووەکانی لەپێنجی نیسانی ساڵی ١٩٩١، گەلی کورد پێی وابوو، کە پرۆسەکانی دەرکردنو گواستنەوەی بەکۆمەڵو دەست بەسەرکردنی مەدەنیەکان کۆتاییان پێ هاتووەو لەناو ماڵو لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیان بەئارامیو ئاسودەیی دەژینو ئازاد دەبن لەکێشەو گواستنەوەکانی، کەچی تووشی شۆكو بێ هیوای هات، کاتێك بینیان ئەو مومارەسەکردنانە لەژێر سێبەری دیارنەمانی ئەو بڕیارە، کەرژێمی عێراق هیچ گرنگیەکی پێنەداو بەهیچ شێوەیەك جێبەجێی نەکردو بەردەوامە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتەکانی عێراق دەستیان کرد بەدەرکردنو راگواستنی هەزاران خێزانی کوردو تورکمان لەکەرکوكو ناچارییان کردن واز لەهەموو سامانی گوازراوو نەگوزراویان بهێنن، هەر لەچوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردنو راگواستنو پاکتاوی رەگەزیدا تائێستا ئەو جۆرە





رەفتارانە بۆ ناچارکردنی کوردەکانی دانیشتووی کەرکوكو مەندەلیو خانەقینو دوزخورماتوو دیبەگەو پێدەشتەکانی هەولێرو سنجارو شێخان پیادە دەکرێن، بەمەبەستی بەجێهێشتنی نیشتمانە رەسەنەکەیانو رووکردنیان لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان یان ناوچەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق.

پرۆفیسۆر دکتۆر نوری تاڵەبانی سەرۆکی رێکخراوی کوردی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەبەریتانیاو مامۆستای زانکۆ لەبواری قانونو شارەزا لەرێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە قەدەغەکردنی لەناوبردنی رەگەزی مرۆڤایەتی، نامیلکەیەکی بڵاوکردەوەو تێیدا مومارەسەکردنەکانی رژێمی عێراقی لەپرۆسەکانی پاکتاوی رەگەزیو تاوانەکانی راڤەکردووە، کە ئامانجی لەناوبردنی گەلی کوردو وێرانکردنی کەلەپورو ناسنامەی نەتەوەییو کلتورەکەیەتی، هەروەها رووخاندنو تێکدانی ژیانی ئابووریو تێکدانی گوندەکانی کوردستانو سوتاندنی باخو بڕینی دارە بەردارەکانیانو کوشتنی باڵندەو

ئاژەڵە کێویەکانوماڵیەکانو تەقاندنەوەی کانیاوەکانیانی، کە سەرچاوەی ئاودانی کشتوکاڵیانەو کوشتنی بەکۆمەڵی دانیشتوانەکەیەتی.

بەشێکی تایبەت کردووە بۆ بەعەرەبکردنی ناوچەکانی کەرکوكو خانەقینو مەندەلیو مەخمورو شارۆچکە کوردیەکانی سەر بە پارێزگای موسڵو هێنانی هەزاران خێزانی عەرەب لەناوەڕاستو باشوری عێراقو نیشتەجێ کردنیان لەو گوندە کوردییانەی، کە دانیشتوانەکەیان ناچاری رۆیشتن کردووە.

هەروەها چۆنیەتی راگواستنی هەزاران خێزانی کوردی شیعیی (کوردی فەیلی) بەزۆرەملێ بۆ ئێران، دوای دەستبەسەر داگرتنی هەموو داهاتو سامانو بەڵگەنامە فەرمیەکانیان، کە عێراقیی بوونیان دەسەلمێنێ، بۆ رای گشتی روونده‌کاتەوە.

دکتۆر نوری تاڵەبانی باس لەو کارە وەحشیگەرییەی رژێمی عێراقی دەکات، کە سەرلەبەیانی ١٦/٣/١٩٨٨ ئەنجامی دا بە بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی، کە بووە



کورتەیەک لەبارەی تاوانەکانی
رژێمی عیراق دژی گەلی کورد

هۆی شەهیدبوونی زیاتر لە پێنج هەزار مەدەنی لەمناڵو ژنو پیرو هەروەها بریندار‌بوونی زیاتر لە دە هەزار کەس بەسەختی.

ئاماژە بەوەش دەکات، کە ئەو تاوانە لەئاغجەلەرو سێوسێنانو بالیسانو چەند گوندێکی تر دووبارە بۆوە. لێکۆڵەرەوەی قانونی پرۆفیسۆر نوری تاڵەبانی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەو تاوانانەی تاوانبارانی سەرانی رژێمی عێراقی دژی رۆڵەکانی گەلی کورد ئەنجامیان داوە بەمەبەستی لەناوبردنیان، هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئەم تاوانبارانە بدرێنە دادگای نێودەوڵەتی.

لێکۆڵینەوەکەش بە بانگەوازێك بۆ کەسانی پەیوەندیدار لەئۆپۆزسیۆنی عیراقی کۆتایی پێدەهێنێت، تا بەجدی کاربکەنو داوا لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەن تا سەرانی رژێمی عێراقی بدرێنە دادگا.

# تاوانەکانی رژێمی عێراق دژی گەلی کورد کە دەچنە چوارچێوەی چەمکی تاوانەکانی لەناوبردنی مرۆڤایەتی





رژێمی عێراقی چەندین تاوانی دژی رۆڵەکانی کوردستانی عێراق ئەنجامداوە، زۆربەیان دەچنە چوارچێوەی چەمکی جینۆسایدەوە (Genoside)، کە لەرێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکاندا دیاری کراوەو بەتایبەتی ئەو رێککەوتننامەی کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵی (١٩٤٨) لەسەری رێککەوتوونو رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید لەساڵی ١٩٥٤ کەلەدوایدا عێراقیش چوە ریزیەوە.

پرۆسەکانی دەرکردنو راگواستنی بەکۆمەڵو دەستبەسەرکردنی هەزاران مەدەنیو پاشان کوشتنیان بەکۆمەڵو بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی ئامانجە مەدەنیەکان، بێجگە لەوێرانکردنی هەرەمەکی شوێنە مەدەنیو داراییەکانو مومارەسەکردنی پاکتاوی رەگەزی، ئەمانە هەمووی نمونەی دیاری مومارەسەرکردنەکانی رژێمی عێراقن دژی گەلی کورد لەماوەی چەند دەیەیەکەیدا.

ئەو مومارەساتانە لەراپۆرتی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ پشتڕاست کراوەتەوە، بۆ نموونە: راپۆرتی دووەمی

رێکخراوی (چاودێری مافەکامی مرۆڤ/ بەشی رۆژهەڵاتی ناوەراست)، کە ئەرکی لێکۆڵینەوەی لەبەڵگەنامە فەرمیەکانی حکومەتی عێراقی لەئەستۆگرت، ئەم بەڵگەنامانە لەدەزگا ئەمنیو هەواڵگریو دەزگاکانی تری رژێمی عێراقی لەکوردستان لەدوایی سەرکەوتنی راپەرینی ئازاری (١٩٩١) دەستیان بەسەرداگیرا. لەدەستپێکی راپۆرتی رێکخراوی ناوبراودا هاتووە (رژێمی عێراق وەك دەوڵەتێکی پۆلیسی تاك حزبی کاردەکاتو بەرپرسە لەسەرکوتکردنێکی بەرنامەدارێژراو دژی کوردەکان لەعێراقدا بەدرێژایی بیستو پێنج ساڵ).

رژێمی عێراق ئەم تاوانانەی بەئامانجی لەناوبردنی ئەو گەلەی لەسەر خاکی باوباپیرانیان دەژینو ئەنجامداوە، بەمەبەستی وێرانکردنی کەلەپورو ناسنامەی نەتەوەییو کلتورو بونیادی مادی ژیانی ئابووریيان، کە خۆی لەهەزاران گوندی کوردستاندا دەبینیەوە، لەدانەوێڵەو کێڵگەی





کشتوکاڵیو باخو ئاوی بیرو کانیاوەکانو شوێنەکانی پەرستنو فێربوون.

ئەو رێککەوتننامە نێو دەوڵەتیەی کە لەمەوپێش ئاماژەی پێدرا، لەدەقی مادەی یەکەمیدا هاتووە (وڵاتانی ناو ئەو پەیماننامەیە پابەند دەبن بە ئەنجامنەدانی هەر کارێك کە بچێتە چوارچێوەی چەمکی تاوانەکانی لەناوبردن، ئەمە لەمادەی ناوبراودا دیاریکراوە).

لەو بوارەدا دەتوانین ئاماژە بەو کارە تاوانکاریانەی خوارەوەی سەرانی رژێمی عێراق بدەین، کە ئامانجی تواندنەوەی کوردو لەناوبردنی کەلەپورو وێرانکردنی نیشتمانەکەیەتی.

## یەکەم:

وێرانکردنی هەزاران گوندو دەیان شارەدێی کوردستانو کوشتنی دانیشتوانەکەی بەکۆمەڵ لەناوەراستی حەفتاکاندا، پاشان هەڵمەتەکەی فراوانترکرد بۆ ئەوەی گوندەکانی نزیك سنوری تورکیای بگرێتەوە، لەدوایدا گوندەکانی ناوچە

پێدەشتەکانی دوور لەسنوری نێودەوڵەتیشی گرتەوە، ڕژێمی عێراقی هەزاران خێزانی عەرەبی لەزۆربەی ناوچە پێدەشتەکان نیشتەجێ کرد، بەمەبەستی بەعەرەبکردن‌و بەعسیکردنیان‌و دانیشتوانی ئەم گوندانەی ناچارکرد تا لەکۆمەڵگە زۆرەملێیەکان (مجمعات) نیشتەجێ بن، کە بە تایبەت بۆ ئەم مەبەستە لەنزیك شارو سەرە ڕێگا گشتیەکان دروست کرابوون. بەبێ ئەوەی هیچ ئامرازێکی پێویستی ژیان تێدا دابین کرابێت. ئەو کۆمەڵگە زۆرەملێیانە لەلایەن دەزگا ئەمنیەکان بەڕێوەدەبران. بەهەمان شێوەی سەربازگەکانی نازی‌و فاشیستەکان، کە لەجەنگی دووەمی جیهانی دا دامەزرابوون، ڕژێمی عێراق ئەو ناوچانەی کە بەداونەوێڵەو میوە هەمەچەشنەکانیان‌و گۆشتی ئاژەڵەکانیان سەرجەم پێداویستیەکانی دانیشتوانی عێراقیان دابین دەکرد، کرد بە ناوچەی ئەمنی یان ناوچەی سەربازی، کە بێجگە لەدارودەستەی هێزەکانی سەربازی کەس بۆی نەبوو لەم ناوچانە نزیك ببێتەوە.





ئەو هەڵمەتانەی لەناوبردن لەمیانیساڵانی ١٩٨٧ تا ١٩٨٨ گەیشتە ترۆپکی خۆی، چونکە لەم ماوەیەدا پرۆسەکانی (ئەنفال) ی بەدناو بەم شێوەیە جێبەجێکرا:

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕش، کە باڵاترین دەسەڵاتی تەشریعی‌و جێبەجێکاری بوو لەعێراق‌و سەرجەم سەرانی ڕژێمی عێراقی لەخۆدەگرێت. فەرمانێکی بەمێژووی ٢٩ ئازاری ١٩٨٧/ دەرکردو بەپێی ئەم فەرمانە (علی حسن المجید) ئامۆزای سەدام کەلەدوایدا بوو بە (وەزیری بەرگری)، هەموو دەسەڵاتێکی مەدەنی‌و ئەمنی‌و سەربازی پێ بەخشرا بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکانی ئەنفال، لەوانەش دەسەڵاتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بۆ ناچارکردنی دانیشتوانی سەدان گوندی کوردی لەپارێزگاکانی کەرکوك‌و سلێمانی‌و هەولێرو شارۆچکە کوردییەکانی سەر بە پارێزگای موسڵ‌و شارۆچکەی خانەقینی سەر بە پارێزگای دیالە، بۆ ئەوەی گوندەکانیان چۆل بکەن‌و خۆیان ڕادەستی دەزگا ئەمنی‌و سەربازیەکان بکەن، ئەگەرچی هەندێك لەگوندنشینەکان

**توانیان لەکاتی بۆردومان کردنی گوندەکانیان بە تۆپو فرۆکە سەربازیەکان بە چەکی کیمیایی ڕابکەنو پاشان گەیشتنە سنورەکانی عێراق لەگەڵ ئێرانو تورکیا، بەڵام زۆربەیان ناچاربوون خۆیان رادەستی ئەمنو سەربازەکان بکەنەوەو لەدوایدا سەرجەمیان گواسترانەوە بۆ ناوچەی بیابانەکانی باشوری عێراقو هەموویان زیندەبەچاڵ کران، لەناویشیاندا هەزاران ژنو منداڵو پیرو پەککەوتەی تێیدابوو. ژمارەی کوژراوان لەو پرۆسانەدا بەهەرسێ قۆناغەکانیەوە بە زیاتر لە(١٨٢) هەزار کەس مەزەندە دەکرێت، کەچی لەساڵی ١٩٩١ عەلی حسن مەجید دانی بەکوشتنی تەنیا سەد هەزار کەس دانا.**

**پرۆسەی ئەنفالو وێرانکردنی گوندەکان هەر لەحەفتاکانەوە دەستی پێکردبوو و بوە هۆی لەناوبردنی شوێنەواری (٣٨٣٩) گوندی ئاوەدانکراوو لەنێوشیاندا چەندین گوندی ئاشوری تێدابوو، ئەم گوندانە پێش خاپورکردنیان (١٧٥٧) قوتابخانەی سەرەتاییو (٢٤٥٧) مزگەوتو لەگەڵ ژمارەیەك کەنیسەو**





**دێری کۆنو (٢٧١) بنکەو ناوەندی تەندروستی تێدابوو، کۆی ئەم خێزانە جوتیارانەی کە ئاوارە بوون دەگەیشتنە (٢١٩,٨٢٨) خێزان، کە لەکۆمەڵگەی کوردی بەلانی کەم پێنج کەس لەهەر خێزانێك دەکات.**

**ئامانج لەوێرانکردنی ئەم ژمارە زۆرەی گوندە کوردییەکان لەعێراقدا، ئەو وێرانکردنەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە ناوچەی کوردی لەعێراق تووشی بوو، مەبەست لەم کارە تەنیا لەناوبردنی ئەم ژمارە زۆرەی گوندنشیەکانو گوندە شاخاویو پیدەشتە دڵگیرەکان نەبوو، بەڵکو بۆ لەناوبردنی ناسنامەو کەلەپورو ژێرخانی ئابوری کوردستانو دانیشتوانەکەی بوو، لەوانەش کێڵگە کشتوکاڵیەکانو باخو سەرچاوە ئاوییەکان.**

## دووەم:

## بەعەرەبکردنی ناوچەکانی کەرکوک‌و خانەقین‌و مەندەلی‌و مەخمورو قەزا کوردیەکان لە پارێزگای موسڵ





رژێم هەر لەسەرەتای ساڵی **١٩٦٣**ەوە دەستی کرد بە جێبەجێکردنی سیاسەتێك، کە ئامانجەکەی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی بوو لەشاری کەرکوك، ئەمەش بەهۆی سامانە نەوتیەکەو پێدەشتە فراوان‌و بە پیتەکەی، لەپاشان ئەم سیاسەتە بوو بەرێبازێکی جێگیری رژێمی عێراق‌و لەناوچەکانی خانەقین‌و مەندەلی لەپارێزگای دیالەو مەخمورو دیبەگە لەپارێزگای هەولێرو ناوچەکانی شێخان‌و زمارو سنجار لەپارێزگای موسڵ پیادەکرا. ئەم سیاسەتی پاکتاوی رەگەزیە تائێستاش بەردەوامەو جێبەجێش دەکرێت بەسەرپەرشتی گەورە بەرپرسانی رژێم، چونکە ئەم ناوچانە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی رژێمدان*.

ئەم سیاسەتە بەدوو قۆناغ جێبەجێکراو تەواوکەری یەکتربوون, لەسەرەتادا رژێم دەیان خێزانی کوردی دانیشتووی

* نووسەر پێش پرۆسەی ئازادی عێراق ئەم نامیلکەیەی نووسیوە. وەرگێری کوردی.

ئەم ناوچانەی ناچارکرد ناوچەکە چۆڵ بکەنو لەشوێنی تر نیشتەجێ بن، کەچی لەقۆناغی دووەم: ژمارەیەکی زۆری خێزانی عەرەبی سەر بەرژێم بەشێوەی پۆل پۆل هێنرانو لەم ناوچانەدا نیشتەجێ کران ، پاش دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونو کارکردن بۆ تاکەکانی لەرێگەی دامەزراندنیان لەدەزگا ئەمنیو پۆلیسیو هەواڵگرییەکانو رێکخستنەکانی رژێمی بەعس یان لەرێکخراوە پیشەییەکانی سەر بەرژێم. یان لەکۆمپانیای نەوتو دامەزراوەو فەرمانگە جیاوازەکانی حکومەت، یان بەبەکارهێنانیان وەك (جیش شعبی) لەرەبایەی دەوروبەری شار، یان ئەوانەی بەرگری لەسەرەرێگاو دامەزراوەکانیان دەکرد لەم ناوچانەدا دادەمەزران.

هەندێك لەو رێوشوێنانەی کە رژێمی عێراق لەپارێزگای کەرکوك هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٠ەوە گرتنیەبەر دەخەینە ڕوو:

١ـ وێرانکردنی (١٣) گوند لەدەوروبەری شاری کەرکوك لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٣ەوە، (٣٣) گوندی تر لەشارۆچکەی





(دووبز) کە لەدوای بەعەرەبکردنی بە(دبس) ناونراو پاشان بوو بەقەزا.

لەشوێنی ئەم خێزانە کوردییانە، عەشیرەتە عەرەبەکانی ناوەڕاست نیشتەجێکران لەهەمان ساڵدا.

لەماوەی نێوان ١٩٧٠ تا ١٩٩٠ رژێمی بەعس (٧٣٢ گوندی کوردی لەپارێزگای کەرکوك وێرانکرد. بەمەش ژماوەی گوندە خاپورکراوەکان گەیشتە (٧٧٩) گوند لەم پارێزگایە. لەکاتی خاپورکردنیشیان (٤٩٣) قوتابخانەو (٥٨٩) مزگەوتو (٤٠) بنکەی تەندروستیان تێدابوو، ژمارەی خێزانە کوردە دەرکراوەکانیش نزیکەی (٣٧,٧٢٦) خێزان بوون.

رژێمی عێراق بە شێوەی پلە سەرجەم کرێکارە کوردەکانی لەکۆمپانیا نەوتیەکان لەکەرکوکو دەوروبەری دەردەکرد. یان دەیگواستنەوە بۆ دامەزراوەیەکی تر لەناوەڕاست یان باشوری عێراق، هەروەها وردە وردە زۆربەی زۆری فەرمانبەرە کوردەکانی دەگواستنەوە، لەوانە مامۆستاکان بۆ دەرەوەی

شاری کەرکوك تا کارمەندە عەرەبەکان لەشوێنیان دامەزرێنێ.

هەر لەسیاقی بەعەرەبکردنی ئەم شارەو دەوروبەری، رژێم ناوی کۆڵانو گەڕەكو قوتابخانە کوردییەکانی دەگۆڕی بۆ ناوی عەرەبی، هەروەها خاوەن دوکانە بازرگانییەکانی ناچادەکرد تاوەکو ناوە کوردییەکانی بگۆڕن بۆ ناوی عەرەبی.

٣ـ داماڵینی کوردە نیشتەجێیەکانی کەرکوكو دەوروبەری لەمافی فرۆشتنی موڵكو خانوبەرەکانیان تەنیا بەعەرەبەکان نەبێ ، هەروەها رێگە لێگرتنیان لەکڕینی هەر خانوویەکی تر یان موڵکێکی تر لەم شارەداو رێگەنەدان بە فەرمانگەکانی شارەوانی تا مۆڵەتی دروست کردنی یان نۆژەنکردنەوەی بیناکانیان بداتێ، تەنانەت ئەگەر موڵکەکە یان خانووەکە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەش هەبێت. ئەمەش بە مەبەستی ناچارکردنی ئەم کوردانە تا موڵكو خانوەکانیان بفرۆشن یان بەجێی بهێڵن. لەهەمان کاتدا شارەوانی دەستی کرد بەدروستکردنی کۆڵانی فراوان لەگەڕەکە کوردیەکان، بەبێ





ئەوەی رێگەبدرێت بەخاوەن خانوە رووخاوەکان تا خانویەك یان پارچە زەوییەکی تر بکڕن. ئەمانە هەمووی بەمەبەستی ناچارکردنیان تاچیتر لەم شارەدا ژیان نەبەنە سەر.

٤ـ هێنانی دەیان هەزار خێزانی عەرەب هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٣ەوە، بۆ نیشتەجێکردنیان لەناو شاری کەرکوكو دەوروبەریو دروستکردنی گەڕەکی تازە بۆیان: لەوانە گەڕەکی (کرامة، مثنی، البعث، الاندلس، الضباط، قتیبة، الحریة، القادسیة، الشرطة وغرناطة) لەبەرامبەر ئەمەدا رژێم پێدانی بڕێك پارەو دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی بۆ ئەم خێزانە کوردیانە راگەیاند، بەڵام ئەگەر ئەم شارەو دەوروبەری بەجێبهێڵن.

٥ـ گۆڕینی ناوی پارێزگای کەرکوك بۆ پارێزگای (تأمیم) لەساڵی ١٩٧٢، بۆ دورکەوتنەوەی لەناوە مێژوویەکەی، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوپێش. هەروەها رژێم دەستیکرد بەدابڕینی چوار قەزای کوردی لەکۆی شەش قەزای سەر بەکەرکوكو بەستنەوەی بە پارێزگاکانی دەوروبەری،

تاوەکو کورد ببێتە کەمینە لەو شارەدا، ئەو قەزایانەش (چەمچەماڵو کەلار) کە خستنیە سەر پارێزگای سلێمانیو قەزای کفری بۆ سەر پارێزگای دیالەو قەزای دوزخورماتو بۆسەر پارێزگای تکریت ( کە ئێستا بە صلاح الدین) ناسراوە.

٦ـ نیشتەجێکردنی هەزاران خێزانی عەرەبی هاوردە، کەلەناوەڕاستو باشوری عێراق دەیهێنانو نیشتەجێکردنیان لەشوێنی گوندنشینە کوردەکان کە ناچارکران زێدی خۆیان بەجێبێڵن، ئەو ناوچە گوندنشینانەی کە نەیاندەتوانی عەرەبی لێوە جێگیر بکەن بەهۆی ئاستەنگی نەپاراستنی لەرووی ئاسایشەوە (لەباکوری رۆژهەڵاتی پارێزگاکە) رژێم دەیکردن بەناوچەی (ئەمنی) یان ( سەربازی)و کەسیش نەیدەتوانی نزیك ببێتەوە لەو شوێنانە، چونکە سەدەها مۆڵگەی سەربازی تێدا دامەزراندو دەوروبەری مینرێژ دەکرد، لەگەڵ چاودێریکردنێکی بەردەوامی فرۆکە جەنگییەکانو کوشتنی هەرکەسێك ئەگەر شوانیش بوایە.





ئەو دەیان هەزار خێزانە کوردانەو سەدان خێزانی ئاشوریو تورکمانی شاری کەرکوكو شارەدێو گوندەکان کەدەرکران یان بەناچاری ماڵو موڵکیان بەجێدەهێشت. هەروەها خەڵکی قەزاکانی خانەقینو مەندەلی سەر بەپارێزگای دیالەو مەخمور و دیبەگە لەپارێزگای هەولێرو قەزاکانی شێخانو سنجارو لەپارێزگای موسڵ، هیواخوازان بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان. زۆربەی زۆری ئەو خێزانە کوردانە لەناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان لەبارودۆخێکی ئابوری خراپ ژیان بەسەردەبەن، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەو یارمەتیانە دەبەستن، کە رێکخراوی فریاکەوتنی نێودەوڵەتی پێیان دەبەخشن. ژمارەیەکیشیان بە ناچاری وڵاتیان بەجێهێشتووەو لەوڵاتانی بیانی جێگیر بوون، لەناوەراستی نیسانی ساڵی ١٩٩٧ سەرلەنوێ رژێم هەڵمەتی دەرکردنی سەدان خێزانی کوردی لەشاری کەرکوكو دەوروبەریو قەزای خانەقین دەست پێکردەوە. هەروەها لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧ قەزای مەخموری گرێ دا بە سنوری بەرێوەبەرایەتی پارێزگای موسڵ لەدوای ئەوەی

لەپارێزگای هەولێری دابڕی ئامانجی، رژێم لەم کارانە (خۆ ئامادەکردنبوو بۆ سەرژمێریی گشتی لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٧دا، تاوەکو ئەو گۆڕانکاریانە لەو ناوچانەدا ببێتە واقعێك).

ئەو پرۆسانەی بەعەرەبکردنی رژێمی عێراقی لەو ناوچە کوردیانەدا، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەپرۆسەکانی نیشتەجێی کردنی سیستەمە رەگەزپەرستیەکانی تری وەك ئیسرائیلو صربیاو چەندین وڵاتی تریش.

ئەو مومارەسە رەگەزپەرستانە سەرپێچی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە ٦٨٨ ی ساڵی ١٩٩١ە. کە رێگە لەرژێم دەگرێت چەوساندنەوەو سەرکوتکردن دژی گەلی عێراق پیادە نەکات.

## سێیەم:

## ناچارکردنی دەیان هەزار خێزانی کوردی شیعە بەناردنیان بۆ ئێران





رژێمی عێراق ژمارەیەکی زۆری لەو عێراقیانەی، کە زۆربەیان کوردی شیعە بوونو دانیشتووی شاری بەغدادو شارەکانی ناوەراستی عێراق بوون، (بەئێرانی) هەژمار دەکردنو بەناچاری رەوانەی ئێرانی دەکردن، ئەمەش لەدوای دەستبەسەرداگرتنی سامانو پارەو رەگەزنامەی عێراقیان، ئەوەی ئاشکراشە کە زۆربەی ئەم خێزانانە خۆیانو باوباپیرانیان تەنانەت لەپێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لەساڵی ١٩٢١ دا لەوێ لەدایك بوون، بەڵکو مێژووی هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەم ناوچانەدا، ژمارەی دورخراوانی عێراقییەکان بۆ ئێران بە (چوارسەد هەزار) هاوڵاتی مەزندە دەکرێت. رژێم هەر لەسەرەتای حەفتاکانەوە دەستی کرد بە دورخستنەوەیان، لەپاشاندا لەکاتی جەنگی عێراق ـ ئێران (١٩٨٠ـ ١٩٨٨) هەڵمەتەکانی زیاترکرد بەشێوەیەکی نامرۆڤانەو بەبێ ئاگادارکردنەوەیان بەرێ دەکران، چەند رۆژێك دوای دەستبەسەرکردنیان لەنزیك سنورەکانی

عێراق ئێران بەجێ دەهێڵدران‌و ناچارەکران بە پێ بڕۆن لەسەرماو لەگەرمادا بەبێ ئاوو نان، لەناویشیاندا منداڵ‌و پیرو ژنی سک پڕی تێدابوو، تەنانەت کەسانی نەخۆش لەرووی جەستەو عەقڵیشەوە، ئەم کۆچکردنە ناچاریەکەیان، کە چەند ڕۆژێکی پێدەچوو، دەبووە هۆی کوژرانی هەندێکیان بە گوللەی لایەنێك لەلایەنە شەڕکەرەکان یان تەقینەوەی مین لەژێرپێیان بەهۆی جەنگی عێراق ئێرانەوە. ڕژێم زیاتر لەچوارهەزار گەنجی لەم خێزانانە دەستبەسەرکرد لەکاتی جەنگی عێراق ئێراندا، کەتائێستاش چارەنووسیان نادیارە، چونکە دەسەڵات ناوی هیچ کەسێکی نەداوە بەرێکخراوەکانی مانگی سووری نێودەوڵەتی، کەس‌وکاریان داوای چارەنوسی ئەم گەنجانە دەکەن، ئایا مردوون یان تائێستا لەناو زیندان‌و بەندیخانەکانی ڕژێمدان.

هەرچەندە ژمارەیەکی کەمی ئەم خەڵکانە توانییان لەئەورووپاو هەندێك لەوڵاتانی دیکە مافی پەنابەرێتی بەدەست بهێنن، بەڵام بەشی هەرە زۆریان لەئێران پەرش بڵاونوتەوەو لەهەژاریەکی ڕادەبەدەر ژیان بەسەر دەبەن، ئەمە بێجگە لەوەی





کە تائێستاش ئێران بە عێراقی هەژماریان دەکات نەك ئێرانی یاخود پەنابەر.

تاکە هیوای ئەم خێزانانە، کە ڕۆڵەکانیان لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی عێراقیەوە زانینی چارەنووسیانە، کەچی ئەوانی تر چاوەڕوانی گەڕانەوە بۆ نیشتمانەکەیان‌و قەربوو کردنەوەی ئەو زیانە مادی‌و مەعنەوییانە دەکەن، کە لەماوەی ئەم ساڵە دوورو درێژانەدا پێیان گەشتوون.

## چوارەم:
## بۆدورمانكردنی شاری هەڵەبجە بەچەكی كیمیایی





بۆردومانكردنی شاری هەڵەبجە لەئەوپەڕی باكوری رۆژهەڵاتی كوردستانی عێراق كە ژمارەی دانیشتوانەكەی لەكاتی بۆردومانەكە بە زیاتر لە( ٧٠,٠٠٠) كەس مەزندە دەكرا. شایەتحاڵێكی تری تاوانەكانی سیاسەتی لەناوبردنی بەكۆمەڵی دانیشتوانی مەدەنی كوردە لەلایەن رژێمی عێراقەوە، چونكە لە١٦ئازاری ١٩٨٨ ژمارەیەك لەفرۆكە جەنگییەكانی عێراقی بەسەر ئاسمانی ئەم شارە خولانەوەو بەچەند بۆمبێكی ژەهراوی (ژەهری سیانید)و گازی مێشك بۆردومانی ئەم شارەیان كردو بوە هۆی كوشتنی نزیكەی پێنج هەزار مەدەنیو برینداربوونی زیاتر لەدەهەزار كەس تر، كەزۆربەیان منداڵو پیرو پەككەوتە بوون. هەروەها ئەم بۆردومانە بووە هۆی ژەهراویكردنی ژینگەی ئەم ناوچەیەو كوشتنی باڵندەو ئاژەڵو هەر زیندەوەرێكی تر، كە پێشوازییان لەوەرزی بەهار دەكرد.

شاری هەڵەبجە تاکە شار نەبوو، کە فرۆکەی جەنگی عێراقی بەچەکی کیمیایی بۆردومانی بکات، بەڵکو پێش ئەو، چەندین گوندی تری ناحیەی (ئاغجەلەر) لەپارێزگای کەرکوك‌و ناحیەی قەرەداغ لەسلێمانی‌و دۆڵی بالیسان لەهەولێرو چەندین گوندی تری پارێزگای دهۆك بۆردومان کران. بەڵام لێدانی شارێك پڕ لەدانیشتوان بەچەکی کیمیایی بە فەرمانێکی راستەوخۆی سەرانی رژێم پێشهاتێکی ترسناك بوو، تاوانبارنەکردنیشی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌و رای گشتی جیهانی بەشێوەیەکی جدی وای لەرژێم کرد، دووبارە ئەم چەکە لەناوچەی هۆرەکانی باشوری عێراق لەسەرەتای نەوەدەکان بەکاربهێنێت.

لەگەڵ ئەم تاوانە گەورانەی سەرانی رژێمی عێراق دژی رۆڵەکانی کوردستان‌و کوردانی دانیشتووی ناوەڕاستی عێراق، دەزگا ئەمنیەکانی رژێم لەکوشتنی کورد بەشێوەی کۆمەڵ لەسالآنی ١٩٧٦ تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ بەردەوام بوو، هەر لەکوشتنی سەربازو جەنگاوەرە کوردەکان (پێشمەرگە)کە





لەدوایی دەرچوونی لێبوردنی گشتی خۆیان رادەستی دەسەڵاتدارانی سەربازی‌و ئەمنی دەکرد. هەروەها دەزگا ئەمنیەکان هەزاران گەنجیان لەژوورەکانی ئەشکەنجەدا کوشت، لەبەرئەوەی گومانی پەیوەستنەبوونیان بۆ رژێم دەکرد، (دادگای تایبەتی) رژێم سزای مردنی بەسەر سەدەها کەسدا سەپاند لەپاش دادگایکردنێکی کارتۆنی، لەناوشیاندا چەندین گەنجی خوار تەمەنی پانزە ساڵی‌و چەندین خێزان بە سەرجەم ئەندامانیەوە لەناودەبران. ئەمانە هەمووی دوای سەرکەوتنی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ئاشکرابوون، کەچەندین گۆڕی بەکۆمەڵ نزیك شارە گەورەکانی کوردستان دۆزرانەوە، کە تێیدا تەرمی مناڵ بە تەنیشت تەرمی ژن‌و پیاوانەوە بوو.

ئەم جۆرە رەفتارە تاوانکارییانەی کە سەرانی رژێم لەچارەکی دوایی ئەم سەدەیە دژی رۆڵەکانی گەلی کورد ئەنجامیداوە، بەمەبەستی نەهێشتنیان‌و لەناوبردنی ناسنامەی نەتەوەییان، هەموو بەڵگەن بۆ راپێچکردنی تاوانباران بۆ بەردەم دادگای نێو دەوڵەتی وەك داگای (لاهای) کە بۆ دادگایکردنی

تاوانبارانی جەنگو تاوانەکانی لەناوبردنی مرۆڤایەتی دروست کرا لەسەرتاسەری کۆماریەکانی یوگسلافیای پێشوو.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانن ڕێو شوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ ڕەوانەکردنی سەرانی ڕژێمی عێراقی بۆ بەردەم ئەم داداگا نێو دەوڵەتیە، یان فەرمانی فراوانکردنی دادگای (لاهای) بدرێت بۆ دادگایکردنی تاوانباران، کە لەئێستادا بۆ دادگایکردنی تاوانەکانی جینۆساید لەیوگسلافیا پێکهێنراوە بەمەبەستی دادگایکردنیان لەسەر ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەلی کوردو گەلی عێراقی بەگشتیو گەلانی ناوچەکە ئەنجامیداوە.

ڕژێمی عێراق ئاگری دوو جەنگی وێرانکەری دژی ئێرانو کوەیت هەڵگیرساندو هێزەکانی بە تەواوی خاکی دەوڵەتی دووەمیان داگیرکرد. بەمەش سەرپێچی هەموو ڕێسای ئەحکامەکانی قانونی نێودەوڵەتیو هەموو ڕێککەوتنە نێودەڵەتیەکان کرد، لەنێویشیدا پەیماننامەی کۆمکاری وڵاتانی عەرەب.

# لەبڵاوکراوەکانی
# ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی
# کادیران ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)



کورتەیەک لەبارەی تاوانەکانی
رژێمی عیراق دژی گەلی کورد

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية - النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواری | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشيد گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشيد گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئايين و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٢ | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، كوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | كوردەكان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشكچی، و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری كەلتور | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | ڕۆژنامەی كوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەكردنی: د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناكۆكەكان، ئایندەو ئاسۆكانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبكردن و بەجولەكەكردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٢ | ئاین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕینان و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەبییەوە: یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی: ساڵح ڕەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف ت. عن الروسية: احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ميزات النظام الفدرالي في | د. شورش حسن | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | العراق (ذ. ز. ١٣) | عمر | |
| ٣٦٧ | جیهـانگیری ، فاکتـەرو گرفتـەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیـدابونی عەلمانیـەت لـەتورکیای عوسمانیـدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنـە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حسن ساکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: | ٢٠١١ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| | | کارزان کاوسێن | |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرک، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین | |



کورتەیەک لەبارەی تاوانەکانی
رژێمی عیراق دژی گەلی کورد

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | ترجمة:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |